# بۆیە ئەگەر داواتان لە الله کرد؛ داوای فیردەوسی لێبکەن

لە عوبادەی کوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە، لە نێوان هەردوو پلەیەك وەکو -دووری- نێوان ئاسمان وزەویە، وفیردەوس بەرزترین پلەیە ولەوێوە چوار ڕووبارەکەی بەهەشت هەڵدەقوڵێن، وعەرش لە سەرەوەیەتی، بۆیە ئەگەر داواتان لە الله کرد؛ داوای فیردەوسی لێبکەن».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە لە قیامەتدا بەهەشت سەد پلە وئاستی هەیە، ولە نێوان دوو پلە وەکو دووری نێوان ئاسمان وزەویە، وبەرزترین شوێنی ئەم بەهەشتانە؛ بەهەشتی فیردەوسە، وچوار ڕووبارەکەی بەهەشت لەوێوە هەڵدەقوڵێن، وعەرش لە سەرەوەی فیردەوسە؛ ئەگەر داواتان لە الله کرد ئەوا داوای فیردەوسی لێبکەن، چونکە ئەو لە سەرووی هەموو بەهەشتەکانە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65188